ماپەڵی شەفافیەت داهاتی هەفتەیەکی پارێزگای سلێمانی بڵاوکردەوە



ئەمڕۆ هەینی ماپەڵی شەفافیەت، داهاتی یەك هەفتەی پارێزگای سلێمانی بڵاوکردەوە،و ئاماژەی بۆوشکرد بۆی زیاتر لە 20 ملیار و 612 ملیۆن و 772 هەزار دینارە، کە 88%ی داهاتەکەش بەشێوەی نەختینە هەیە

ماپەڵی شەفافیەت بۆ چاودێری و ڕێکخستنی داهاتە نانەوتییەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و هەردو ئیدارەی راپەڕین و گەرمیان داهاتی یەك هەفتەی راگەیاندوە، بەشێوەیەك 20 ملیار و 612 ملیۆن و 772 هەزار و 979 دینار بوە، بەجۆرێك کە 88% ی داهاتەکە بەشێوەی نەختینەیە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، 18 ملیار و 179 ملیۆن و 856 هەزار و 222 دیناری واتا 88%ی داهاتەکە بە شێوەی نەختینەیە، بۆی دو ملیار و 432 ملیۆن و 916 هەزار و 757 دیناری بەشێوەی چەکە.

ماپەڵی شەفافیەت داهاتەکانی هەر شەش گەنجینەکەی پارێزگای سلێمانی ئاشکرا دەکات کە

پێکدێن لە 28 وەزارەت و دەستە لەگەڵ 109 بەڕێوەبەرایەتی گشتی و 516 بەڕێوەبەرایەتی، هەروەها 781 فەرمانگە و چوار هێبەش لەخۆ دەگرێت.